نورەدین ئەلحەیالی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی تەوافوق

# حکومەتەکەی مالیکی حکومەتێکی مەزهەبییە

دیداری ئیبراهیم ئیسماعیل - بەغداد



**● لەگەڵ ئەگەری گۆڕانی هاوکێشە سیاسیەکان لە عێراقدا جارێکی دیکە سوننەکان کەوتنەوە جموجوڵ و چالاکی لەپێناوی بەهێزکردنی پێگەیان لە حکومەت و دەوڵەتی عێراقدا ، بەتایبەتی لەدوای ڕاگەیاندنی پرۆژەی بیکەر هاملتۆنەوە کە سودمەندی زیاتر لەهەمووان سوننەکانن ، بە پاڵپشتی ئەو گۆڕشانکاریانە ئێستا سوننەکان داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دەکەن بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی ، لەکاتێکدا هەریەکە لە شیعە و کوردیش بە ترس و گومانەوە لە کۆنگرەیەکی لەوشێوەیە دەڕوانن .**

**لڤین: عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی لیستی ئیئتیلاف و هەروەها هەندێک لە ئەندامانی لیستی ئیئتیلاف ئەنجامدانی هەر کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیان ڕەتکردەوە لەبارەی عێراقەوە، ئێوە لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟**

نورەددین ئەلحەیالی: یاسای نێودەوڵەتی ئەوەی پەسەند کردووە کە دەکرێت ناوبژیوانی و هەوڵی ئاشتەوایی لە نێوان دوو لایەنی ناکۆك لەکاتی بوونی کێشەیەك لە نێوانیاندا گەر لایەنێکی سێیەم یان لایەنێك کە بەشێك نەبێت لە ناکۆکیەکان پێی هەڵبستێ شتێکی ئاساییەو پەسەندکراوە، ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بە خاڵی هاوبەش، جا لایەنی سێیەم دەکرێت هێزێکی نێودەوڵەتی بێت کە بێگومان ڕاسپاردەکانی مەرج نییە پێوەی پابەندبیت بەڵام ئەو چارەسەری خۆی بەو شێوەیەی پێی گونجاوە پێشکەش دەکات و هەموو جیهانیش ئەو ڕاسپاردەو چارەسەرانە دەبینێت. پێمانوایە بوونی دەستپێشخەرییەکی نێودەوڵەتی لەمکاتەدا بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی عێراق شتێکی پێویستە.

**لڤین: بەڵام بۆچی بەڕێز عەبدولعەزیز حەکیم و بەڕێز جەلال تاڵەبانی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیان ڕەتکردەوە؟**

نورەددین ئەلحەیالی: بێگومان ئەوانەی سوودمەندبوون لەم بارودۆخە نوێیەی کە هەیە هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی ڕەتدەکەنەوە، چونکە هەر دەستپێشخەریەکی نێودەوڵەتی هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و گێڕانەوەی ماف بۆ ستەملێکراوان و پێدانی ڕۆڵی ڕاستەقینە پێیان، هەربۆیە بەڕێز عەبدولعەزیز ئەلحەکیم لەبەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دەترسێت کەفشارێکی نێودەوڵەتی بخرێتەسەر حکومەت کە زۆرینەی لە لیستی ئیئتیلافە لەوانەیە ئەم فشارانە زیانێك بە ئیئتیلاف بگەیەنێت. ئێمە پێمانوایە دەستپێشخەریکی لەمشێوەیە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی عێراقە لەم قۆناغەدا.

**لڤین: بەڵام عەبدولعەزیز ئەلحەکیم ئەوەی خستەڕوو کە پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەگوزەرێ و حکومەتی عێراقیشی بە بەهێزترین حکومەت وەسفکرد هەربۆیە پێویست بە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ناکات، ئێوە دەڵێن چی؟**

نورەددین ئەلحەیالی: ئێمە پێمانوایە کە لاوازترین حکومەت لە ناوچەکە حکومەتی عێراقییە، سەرەڕای ئەمەش سنوورەکانی دەسەڵاتی خۆی بەزاندووەو بەبێ پرس و گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی فرەڕگەزی لە عێراقدا بۆ ماوەی ساڵێك پەسەندکرد، کە ئەمەش تەنها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانە. هەروەها بڕی 130 ملیۆن دۆلاری وەك هاوکاری پێشکەش بە لوبنان کردووە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، ئێمە دژی هاوکاری لوبنان نین بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بەبێ پرسی ئەنجومەنی نوێنەران بووە. هەروەها چەند ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ ئێران و ئەمریکا کراوە بەبێ ئەوەی لە ئەنجومەنی نوێنەران بخرێتەڕوو. باری ئاسایش زۆر خراپە و ڕۆژانە کردەوەکانی کوشتن لەسەر ناسنامە بەردەوامە، هەروەها پێش حەوت مانگ لەبەرنامەی حکومەتدا هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان ڕاگەیەنرا، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوەو مالیکی نەیتوانیوە ئەنجامی بدات.

**لڤین: بەڵام لایەنی بەرامبەر دەڵێن سوپای عومەرو چەندین گروپی چەکداری دیکەش هەن؟**

نورەددین ئەلحەیالی: بەڵی، بەڵام ئەمانە ڕێگر نین لە کاری حکومەت، ئەوەی کە ڕێگرە میلیشیاکانە. ئێمە نابێت بە دوو پێوانە مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا بکەین، بەڵکو دەبێت بابەتیانەو واقیعیانە و دادپەروەرانە مامەڵە بکەین، ئەگەر دادپەروەرانە مامەڵە نەکەین ئەوا ئەوانەی ستەملێکراون بەردەوام دەبن لە هەڵگرتنی چەك و جەنگ لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکاو حکومەت دەکەن.

**لڤین: کەواتە ئێوە پشتگیری بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی دەکەن سەبارەت بە عێراق؟**

نورەددین ئەلحەیالی: من ڕای خۆم و ڕای زۆرێك لە ئەندامانی بەرەی تەوافوق ئەوەیە کە بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە عێراق ڕەنگە یەکێك بێت لە چارەسەرەکان نەك تەنها چارەسەر بێت، هەریەك لە کۆنگرەی مەککەو کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی ڕۆڵیان هەبوو، بەهەمانشێوە کۆنگرەی نێودەوڵەتیش ڕۆڵی دەبێت.

**لڤین: ڕاتان چیە بەرامبەر بانگهێشتی ساڵح موتڵەگ بۆ پێکهێنانی لیستێکی نیشتمانی نامەزهەبی؟**

نورەددین ئەلحەیالی:لەڕاستییدا ئەوەی کە ئێستا

پێویستە بریتیە لە پێکهێنانی لیستێکی نامەزهەبی کە دەربڕی تەنها لایەنێك نەبێت و دادپەروەری بەدی بهێنێت، وەکو ڤۆناغێك ئەمە شتێکی پێویستە.

**لڤین: بەڵام سالّح موتڵەگ لیستە پەرلەمانیەکانی بە مەزهەبی ناوبرد لەوانەش تەوافوق؟**

نورەددین ئەلحەیالی: بێگومان تەوافوق بە شێوەیەك لە شێوەکان ناچاربوو کە مەزهەبی بێت بۆ بەرگریکردن لە ڕۆڵەکانی ئەو مەزهەبەی کە ستەمی لێکراوە، بەڵام بەرنامەی بەرەی تەوافوق بەرنامەیەکی نیشتمانییەو مەزهەبی نییە بەڵکو دەربڕی ماف و خواستەکانی گەلی عێراقە بە سوننەو شیعەوە، بەرگری لە عەرەب و کورد و تورکمان و سەرجەم کەمینەکان دەکات.

**لڤین: دەتەوێت بڵێیت کە ئێوە کاردانەوەی پرۆژەی مەزهەبی بەرامبەرەکانتانن؟**

نورەددین ئەلحەیالی: بێگومان تەوافوق بەرنامەکەی هەیەو دیارە.

**لڤین: بەڵام سەرجەم لایەن و لیستەکان بەڕووکەشی بەرنامەکانیان مەزهەبی نین کەچی لە واقیعداو بەکردەوە مەزهەبین؟**

نورەددین ئەلحەیالی: دوو حکومەتی ئیئتیلافمان تاقیکردەوەو دەرکەوت کە مەزهەبین، کە ئەوانیش حکومەتی مالیکی و جەعفەری بوو، بەڵام ئێمە لەبەرەی تەوافوق تا ئێستا تاقینەکراوینەتەوە تاوەکو حوکم بدرێت بەسەرماندا

**لڤین: بڕیاروایە تاریق ئەلهاشمی بە بانگهێشتێکی ڕەسمی بەرەو واشنتۆن بڕوات و چاوی بە سەرۆک بۆش بکەوێت، بەڕای تۆ گرنگترین ئەو خاڵانە چین کە هاشمی دەیخاتە بەردەمی بۆش؟**

نورەددین ئەلحەیالی: پێموایە هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ گەیشتن بەوەی کە بزانرێت چی ڕوودەدات، بێگومان باری ئاسایش لە پێشینەی باسوخواسەکان دەبێت. هەروەها بەدەمەوەنەهاتنی حکومەتیش بۆ داخوازییەکانی بەرەی تەوافوق کە پێش پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ بەڕێز مالیکی لەسەری ڕێککەوتین، لە هەمووشیان گرنگتر هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان و بەدیهێنانی هاوسەنگییە ئەویش بەمەبەستی گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ سوپا و پۆلیس و بواری دیپلۆماتی و باڵوێزخانەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و وەکیل وەزیرەکان، بە گشتی هاوسەنگی لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت. ئەم هاوسەنگییە تا ئێستا نەهاتۆتەدی لەکاتێکدا نزیکەی حەوت مانگ بەسەر حکومەتەکەی مالیکی تێپەڕیوە. ئێمە پێمانوایە تا ئێستا شکستی هێناوەو بەرەی تەوافق پەراوێزخراوەو هیچ هاوکارییەکی تەوافوق نەکراوە لەبەرامبەر ئەوەی یارمەتی حکومەتی داوەو چۆتە نێوە پرۆسەی سیاسی.

**لڤین: هاوسەنگی لە نێوان کێ و کێ؟ لە نێوان سوننەو شیعە؟**

نورەددین ئەلحەیالی: بە دڵنیاییەوە لەسەرەتای پێکهێنانی حکومەتی کاتی و پاشان حکومەتی ئینتیقالی سوننە بەشداریان نەکرد.

**لڤین: بەڵام پێت وانیە کە ئەم داوایە بۆ خۆی داوایەکی مەزهەبییە؟**

نورەددین ئەلحەیالی: نەخێر داوایەکی مەزهەبی نییە بەڵکو دادپەروەرانەیە لەبەرئەوەی کە دەزگاکانی ئاسایشی دەوڵەت و سوپاش هەڵدەستن بە هەڵکوتانە سەر ناوچە سوننەنشینەکان و چاوپۆشی لە میلیشاکان دەکەن بەڵکو بەشداری کارەکانیان دەکەن و بەڵگەو وێنەمان لەلایەن کە میلیشیاو پۆلیس بەیەکەوەن و هاوکاری یەکتر دەکەن لەسەر شەقامەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش لەوانە شەرقیەو بەغداد و جەزیرە ئەمەیان بە وێنەوە خستەڕوو، کەواتە دەزگای ئاسایش تۆمەتبارە بەوەی کە دەستی هەیە لە کارە توندوتیژییەکان. هیچ چاودێریەك نیە لەلایەن بەرەی تەوافوقەوە لەسەر سوپاو پۆلیس لەبەرئەوەی سەر بە مەزهەبێکی دیاریکراون.

**لڤین: پێت وایە چاودێری و بەدواداچوونی پەرلەمان بۆ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لاوازە؟**

نورەددین ئەلحەیالی: بەڵی وایە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی لەبەر ئەوەی هەست بە گرنگی ئەو کارە ناکات کە پێی هەڵدەستێت وەك باڵاترین دەسەڵات لە وڵاتدا. لە هەمانکاتدا لاوازی هۆشیاری سیاسی هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتیش ئەنجومەنی نوێنەرانی پەراوێزخستووە.

**لڤین: هۆکاری چیە؟**

نورەددین ئەلحەیالی: هۆکارەکەی وەکو ووتم لاوازی ئیدارەی دەستەی سەرۆکایەتی و لاوازی ئەنجومەنی نوێنەرانە.

**لڤین: واتە دەستەی سەرۆکایەتی لاوازە؟**

نورەددین ئەلحەیالی: بەڵی لاوازەو ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە هەیەتی پێی هەڵناستێت.

**لڤین: بۆچی پرۆژەیەک پێشکەش ناکەن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری؟**

نورەددین ئەلحەیالی: لەوانەیە قورس بێت دەستەی سەرۆکایەتی بگۆڕدرێت، بەڵام چەندین جار ڕێنمایی دەکرێن لە ڕێی بەیاننامەکان و پەیوەندییە تایبەتییەکان و ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا، بەڵام ویستێك هەیە بۆ بەڕێکردنی کارەکانی حکومەت و پەککخستنی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەرئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە پرۆسەی لێپرسینەوەو چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت، لە ڕاستیدا کەمتەرخەمی هەیە لەگەڵ حکومەت بۆ ڕاییکردنی چەندین یاسا، سەرەڕای بوونی لیستی پەرلەمانی نایەکسان لە ڕووی سەنگ و ئەندام و ژمارە کە کاردەکات بۆ بەرێکردنی بەرژوەندیەکانی حکومەت و چاوپۆشی لە زۆرێك لە کارە نایاسایی و نادەستوریەکان.

**لڤین: دۆسیەی عێراقی بەو ئاڵۆزیەی کە هەیەتی، پێت وایە چارەسەرکردنی نزیک و ئاسانە؟**

نورەددین ئەلحەیالی: بە بڕوای من لە مەودای نزیك و مامناوەند زۆر قورسە، مەترسییەکەش زۆر گەورەیەو لەوانەیە کارە توندوتیژیەکان 15 – 20 ساڵ بخایەنێت لەبەرئەوەی برینەکان زۆر قوڵن و سەرەڕای کوشتنی بێشومار بە پێی پێناس و مەزهەب و بوونی میلیشیا.

**لڤین: بەڵام ئەو لایەنانەی کە خاوەنی میلیشیان دەڵێن ئێمە میلیشیاکانمان بۆ پارێزگاری لە خۆمان و ڕێگرتنە لە کارە تیرۆریستیەکان؟**

نورەددین ئەلحەیالی: نەخێر ئەمە هۆکار نییە، بێگومان ئێمە دژی کارە تیرۆریستیەکانین بەڵام وەك دەزانن لە عێراق داگیرکەر هەیە بە پێی یاسای 1483ی ئەنجومەنی ئاسایش کە هێزەکانی فرەنەتەوە هێزی داگیرکەرەو دەرەنجامیی بوونی داگیرکارییش مقاوەمەی هێناوەتە ئاراوە. لێرەوە تێکەڵی لە نێوان کارەکانی مقاوەمەو کارە تیرۆریستیەکان بەدیهاتووە هەروەها لەگەڵ بە ئامانجگرتنی مەزهەبیانە. هەربۆیە بەشێك لە کارەکانی مقاوەمە بۆتە کاری توندوتیژیو مەزهەبی لە هەردوولای سوننەو شیعەوە، وە ئێمە هیچ لایەك بێبەری ناکەین. هەرئەمەش وای لە لایەنە سیاسیەکان کرد هەڵوێست بگرن هەریەك بۆ سەرخستنی لایەك، تا کار گەیشتە بارێکی زۆر تاڵ کە لە دەسەڵاتی سیاسیە تێگەیشتووەکان دەرچوو کە دەیانەوێت گۆڕانکاری بکەن بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی عێراقی.